عەراقچی ڕەخنە لە ئەوروپا دەگرێت کە کنفرانسی میونشن بە سەرکی میونشن ناودەبات

وەزیری دەرەوەی ئێران رایدەگەیەنێت، کە کنفرانسی ئاسایشی میونشن کەلە ژێر ناونیشانی (وەرزی داهاتووی ئێران) بەڕێوەچووە، گەڕاوە بە "سەرکی میونشن".

عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لەکاردانەوە بە بەڕێوەچوونی دوو پانێل لە کنفرانسی ئاسایشی میونشن لەژێر ناونیشانی (وەرزی داهاتووی ئێران) و وتارەکەی شازادە ڕەزا پەهلەوی لەو کنفرانسەدا وتی "جەگەی داخە ئەم کنفرانسە لە بابەتی ئێراندا گەڕاوە بە سەرکی میونشن".

وتیشی "یەکێتیی ئەوروپا وادیارە سەرلەشەواوە؛ ڕەگی ئەم سەرلەشەواویەش لە ناتوانایی لە تێگەیشتن لەو گەڕانکاریانەدایە کەلە ناوخۆی ئێراندا ڕوو دەدەن".

عەراقچی ئاماژەی بەوەشکرد، "لە ڕوانگەی ستراتیژیەوە، یەکێتیی ئەوروپای بە ڕەئامانج تەواوی کەشی جیۆپۆلیتیکی خۆی لە ناوچەکەی ئەمدا لەدەست داوە. یان دەتوانین بڵێین؛ ڕەڕەوی گشتیی ئەوروپا زۆر نالەبار و جەگەی نیگەرانییە".